# کەرووبیش بۆ حیزبی دیموکرات بۆ بەسەراب

( رەخنەلەبەیاننامەیەکی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، ناسراو بەباڵی، عەبدوڵای حەسەنزادە)

**ن: ناسر حەقپەرەست**

رێکەوتی 24ی گوڵاتی 1388 حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، بەیاننامەیەکی بەناونیشانی "بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لەپێوەند لەگەڵ بەیاننامەکەی مێهدی کەرووبی" دەرکرد کەبەچەند لایەنەوەجێگای سەرنجە.

بەیاننامە کەپێشکەکییەك و دواتر چوار خاڵ لەخۆ دەگرێت.

ئەوەیکەپێش هەر شتێك، پاش خوێندنەوەی ئەم بەیاننامەیەخۆ بەدەستەوەدەدات، بریتیەلەدوو گرفت کەئەم رێکخراوەئێستا دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکات.

1_ بۆشایی لەحەقانییەتی سیاسی و رێکخراوەیی دا و نەبوونی ئێستراتێژێکی روون و دیاریکراو.

2_ بێ هیوا بوون و دەستبەردان لەهێزی جەماوەر، وەکەوتنەزەمەنی ئینتزارەوە.

ناوەرۆکی بەیانییەکەپڕەلەخۆشباوەری و موحافزەکاری کەتەنانەت تا ئاخرین دێرەکانیشی بەهێنانەگۆری پرسیاری بێ وەڵام کۆتایی پێدێت.

دارێژەرانی ئەم بەیانییەلەسەرەتا دا بۆ خۆ تەبرەئەکردن لەوەیکە، رەنگەزانیاری تەواویان لەیاسا بنچینەییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبێت بەکورتی باس لەنەبوونی ئیمکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد دەکەن و هەروەها ئەوەیش کە( ئەو کەسانەی کەلەهەڵبژاردنەکاندا سەردەکەون_ بەبوونی دامەزراوەی سەرووی قانوون و هەڵنەبژێردراو_ ناتوانن بەرنامەکانی خۆیان و چاوەروانییەکانی خەڵك جێبەجێ بکەن) بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە، دوای باس کردن لەم دوو فاکتەوەك رێگرێك لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن و نەبوونی ئۆتۆریتەی کەسی هەڵبژێردراو، یەکدابەدوو دەگەنەئەو دەرەنجامش کە( بەو حاڵەش پرۆسەی هەڵبژاردن هێندێك جار دەکرێ بکرێتەدەرەتانێك بۆ هێنانەگۆری ویست و داخوازییەرەواکانی خەڵك و سەرخستنی ئیرادەی خەڵك بەسەر سیستمی دەسەڵاتدا)!

لێرەدا پرسیار ئەوەیەکەمەبەستی ئەم بەیاننامەیەکامەپرۆسەی هەڵبژاردنە؟ هەڵبژاردنێك کە نتیجەگیرییەکەی لەپشت دەرگا داخراوەکانە؟ هەڵبژاردنێك کەماوەی ٣٠ساڵەدیکتاتۆرترین رژیم، بەهەر بارێکدا حەقانییەتی خۆی پێ رادەگەێنێت؟

هەڵبژاردنێك کەدەبێ پالێوراوان لەچەندین فیلتەری سەر بەویلایەتی موتڵەقەی فەقیە، رەدبن و لە ئاکامدا بەپێی رەواڵ دەست و پێوەندەکان و مۆرەکانی خۆی دەبنەخاوەن سەڵاحییەت؟ هەڵبژاردنێك کەهەر ئەو کەمایەتییەدینی و قەومییەی کەجێگای سەرنجتانە،(کة بة قةوم ناوبردن خۆی مە سخکردنی مە سە لە ی نە تە وایە تیە) تێیدا مافی بوون بەسەرۆك کۆمارییان پێنادرێت؟

مەسەلەئەوەیەکە لە کۆماری ئیسلامی ئێرندا، هەڵبژرادنێك وجوودی نییە.

عەلی خامنەیی لەسوخرانیەکەی رۆژی 1388/2/12 لەشاری سنەوتی: گەرنگ نییەکەدەنگ بەکێ دەدەن، تەنیا گرنگ ئەوەیەکەبەشداری بکەن و پشتیوانی خۆیتان لەکۆماری ئیسلامی ئێران نیشان بدەن.

لەچوارچێوەی ئاوا هەڵبژرانێکدا جێ بۆکام "دەرەتان" ماوەتەوە؟ ئەسڵی هەڵبژرادن چۆنییەتی و شێوازی بەرێوەچوونی پرۆسەکەیە، نەوەك ناوێك کەلەسەری دادەندرێت.

دراێژەرانی بەیاننامەکەلەدرێژەدا خوشباوەری خۆیان بەنیسبەت بەبەیاننامەکەی مێهدی کەرووبی لەژێر ناوی "مافی قەومەکان و کەمایەتیەئاینییەکان" پەرەپێدەدەن و گەلاڵەکردنی وەها مەسەلەیەك ئەوەیش لەچوراچێوەی یاسا بنچینەییەکانی کۆماری ئیسلامی دا، هەر وەك کەرووبی خۆی تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە، بەخاڵی موسبەت هەڵدەسەنگێنن.

لێردەدا ئاماژەبەدوو خاڵ پێویستە:

1_ خودی کەرووبی یەکێك لەروخسارەهەمیشەحازرەکانی ناو ناوەندەجۆراجۆرەکانی دە سە لاتی کۆماری ئیسلامی بووەکەبەرچاوترینیان سەرۆکی مەجلیسی دەورەی حەوتەمی سەرۆك کۆمار بوو. ئەو پرسیارەش دێتەگۆرە، ئایا لەهەمووو ئەو ماوەیەدا هەوڵی چارەسەر کردنی کامە یەك لەمەحدودییەتییەیاساییەکانی تەنانەت هەر ئەو کەسانەشی داوەکەئەمڕۆ بۆ بازار گەرمی خۆی لەهەڵبژرادنەکاندا، بەیاننامەیان بەناوەوەو دەردەکات.

2_ سەرەرای هەموو ئەوانەش ئەوەیکەروونەبەپێی ئێعترافی خودی بەیاننامەکەش، سەرۆك کۆمار لەنیزامی کۆماری ئیسلامی دا لەبەرپرسیاری ئیجرای زیاتر نیەو خاوەنی وەها ئۆتوریتەیەك کەبتوانێت ئاڵوگۆر لەیاسا دا پێکبێنێت یا پێ واوەتر بەرێت. ئەگەریش چوار چێوەی یاسا بنچینەکانی کۆماری ئیسلامی بنەما بێت، زیاتر لەوەنییەکەتا ئێستا پیادەکراوە.

لەپاش گەلێك بەینابەینی و بەهیچ لایەکدا نەکەوتن، بەیاننامەکەبەم چاوەرێییەلەکەرووبی کۆتایی پێدێت" با بزانین کەرۆژانی داهاتوو دا، گونجاوی و لێوەشاوەیی خۆی بۆ نوێنەرایەتی کردن و بەرەو پێش بردنی ئەم پرسە، چۆن و تا چەند دەسەلمێنێ؟ ئەمەزیاتر لەهەر شێتك، هێشتنەوەی پرد یا رێگایەکە بۆ خۆدەرباز کردن لەئاکامەکانی و سەرکۆنەکانی دواتر، کەریشەی قوڵی لەهەلپەرەستی سیاسی سەرچاوەدەگری.

ئەوەراستیەکی حاشا هەڵنەگرەکەدانیشتوانی ئێران لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی دا کەوتونەتەبەر رەشترین هەلاوادن و نابەرابەرییەکان، بەڵام سەرنجدان بەنارەزایەتی و ئاستی داخوازییەکانی هەر ئەو جەماوەرەباشترین دەرك و ئەزمون لەکۆماری ئیسلامی بەدەستەوەدەدات، مەسەلەئەوەیەکولیەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی لەژێر پرسیار دایە.

لە کۆتایی دا ئاورێك لەو گرفتانەی حیزبی دیموکرات دەدەینەوەکەلەسەرەتا دا باسکران و دەرکردنی وەها بەیاننامەیەکیش بەوەها ناوەرۆکێکەوەلەراستی دا هەر ئەنجامی وەها ناکامیەکەکەئەم رێکخراوەتووشی هاتووە.

1_ لەپاش ئێنشعاب لەحیزبی دیموکرات دا هەر کامیان جار نا جارێك بۆ ئیسبات کردنی خۆیان و دەستەبەرکردنی حەقانییەتی رێکخراوەییان، بێ ئەوەیکەدوورنمایەکی دروستیان لەکۆمەڵگە، روداوەکان

و ئاڵوگۆرەناوخۆیی و دەرەکییەکان هەبێت، دەست بۆ تاقی کردنەوەیەکی نوێ دەبن و خۆیانی پێوەتەرح دەکەن.

هەروەها سەرەرای وێکچوون و لێکجیانەبوونیان لەپێرەو و پرۆگرامدا خاوەنی ئێستراتیژێکی وەها روون و دیاری کراو نین کەتاکتیکەکانیان بکەوێتەخزمەتییەوە.

2 _دەمێکە حیزبی دیموکرات سیستماتیك لەهەڵوێست و کردە وە یەکدا کەرەچاوی دەکات، خۆی لەکۆمەڵگەو جەماوەر بەدابراو دەزانێت و لەشەوەزەنگی تاریکیدا دەست بەهەودای باریکی ئاڵ و گۆرەکانەوەدەگرێت و لەهەر لایەکەوەکەبای بێت شەن دەکات. ئە گینا خۆ هەلواسین بەپرۆژەسیاسیەکانی ئامریکا لەناوچەکەبەهیوای زووتر روخانی کۆماری ئیسلامی لەکوێ، کەوتنەشوێن و پشتیوانی لەبەیان نامەیەکی ناروون و تەبلیغی مێهدی کەرووبی لەکوێ.

لەراستی دا بەپێچەوانەی مەبەست و ناوەرۆکی بەیانامەکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات ئەوە چۆڵهێشتنەوەی دەوری سەندوقەکانی دەنگدانەکەباشترین هەڵوێست و دەرەتانەبۆ سەر خستی ئیرادەی خە لك بەسەر سیستمی دەسەڵاتدا.